الاتحاد العام اللاجئين العراقيين- فرع بريطانيا
INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-BRITAIN

# ئەوانەی قوربانی دەست درێژی راسیستی بوون، زیندان دەکرێن!

## چەقۆ کێشەکانی شاری لەف برە هێرشێکی تر بۆ سەرپەنابەرانی کورد دەکەن

شەوی 11–8 لەشاری لەف برە نزیك بەشاری لێستەر گروپێك لە کچ وکورانی قین لەدڵ دەکەونە بەردەبارانی ماڵێك کەکۆمەڵێك پەنابەری کوردی عیراقی تیدا نیشتەجین، سەرباری دووجار ئاگادارکردنەوەی پۆلیس سەرئەنجام درەنگ بەپیر ئەو کارەساتەوە دەچن وەدەست دەکەن بەگرتنی دووپەنابەری کورد لەجیاتی گرتنی هێرش بەران.

ئەم دەست دریژی وهێرشانەی کە لەچەند مانگی رابردووە بۆسەرپەنابەران دەستی پیێ کردوتەوە بەرهەمی سیاسەتی راستی دەولەتی بەریتانیایە بۆ سەر پەنابەران کە ماوەیەکە دەیان یاسای دژی پەنابەری ولێسندەنەوەی حقوقی پەنابەران وسیاسەتی گەرانەوەو وتووندکردنەوەی سنورەکان تا ناشیرین کردنی انسانی پەنابەر لەمیدیاو دەزگاکانی راگەیاندندا بەرێوە دەبریێ، ئەمە چ قانوون یاسایەکە کەانسانەکان لەسەر ئەساسی رەنگ وپێست وولات جیا دەکاتەوە، مەگەر انسانەکان ژیانی کۆمەلایەتیان نی یە، دروست کردنی دیوارو کێشانی سنور وجیاکاری لەژیر ناوی فەرهەنگی خۆی تا شەر وکاول کاری نا ئارامی یەك لەسەرتاسەری دنیادایە بەرهەمی کام سیاسەت وکام نیزامە کە ملیارد دولاری بۆ خەرج دەکریێ لەسەر کورەی ئەم زەمینە، بۆ ئەوانەی لەرۆژهەلاتی ناوەراست و ئاسیا دەژین هەقی ژیان وئازادی ویەکسانی و خۆش گوزەرانی یان نی یە، قەرار نی یە هەل بژاردنی شۆینی ژیان مولکی انسان بێت، بۆ دەبیێ دیاری بکریێ لەکۆی ژیان بکەیت، مەگەر ئەم دەولەتانە خۆیان مافی پەنابەریان ئیمزا نەکردوە. . . . . . . . . ، بەم سیستەمە بۆگەنەی سەرمایەداری وبەرهەمەکانی دەبیێ حەمەلەبکریێ خەڵکی ئازادی خوازو انسان دوستی دنیا کەلەم رێگەیەدان، بەشدارن لەگەلماندا.

ئێمە لەفدراسیونی گشتی پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا بەتووندی ئەم دەست درێژیانە بۆ سەر پەنابەران محکوم دەکەین، وە دەولەت وقانوون ویاسا کانی بە بەرپرس دەزانین وە لەم پێناوەدا داوای رێکخستنی ریزەکانی پەنابەران دەکەین هاوشان بەخەڵکی ئازادی خوازو انسانی بەریتانیا بۆ وەستانەوە بەرامبەر بەم دەست دریژیانە و بەکارهێنانی یاسا ی وەك یەك بۆ هەموو کەس.

**فدراسیونی گشتی پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا**

2003-8-13

P. O BOX 1575 ILFORD IG1 3BZ d. jamal@ukonline. co. uk